# لە ئەزمونی باشوری سودانەوە چی فێردەبین ؟

## د.جەبار قادر

خەڵکانێکی زۆر لە سودان و ئەفریقا و جیهان هیوای ئەوە دەخوازن کە رێکەوتنی ئاشتی نێوان حکومەتی عومەر ئەلبەشیر و سوپای رزگاریخوازی باشوری سودان (SPLA ) بە رابەرایەتی جۆن گەرەنگ ، کۆتایی بە مەینەتیەکانی گەلی باشوری ئەو وڵاتە بێنێ . ئەلبەشیر و دەست و دایەرەکەی جێگەی باوەر و متمانە نین . بەلای زۆر کەسەوە ئەو هەموو شتێکە تەنها پیاوی ئاشتی نیە . هەر ئەو بوو بە کودەتا سەربازییەکەی لە ساڵی 1989 دا پرۆسەی ئاشتی لە نێوان حکومەتی خەرتوم و سوپای رزگاریخوازی باشوری سوداندا تێکدا.

حکومەتی فرەپارتی توانیبوی لە ساڵی 1986 جەعفەر نمێری لە دەسەڵات لابدات و قانونەکانی شەریعەتی ئیسلامی ، کە ببونە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەر لە نێوان حکومەتی و خەڵکی باشوری سودانا ، لە کار بخا . لە ساڵی 1988 دەستی بە وت و وێژی ئاشتی کردبوو لە گەڵ نوێنەرانی گەلی باشوری سوداندا . لە کارخستنی قانونانەکانی شەریعەتی ئیسلامی ئەو بنەمایە بوو کە ئەلبەشیر و رابەری توندرەوە ئیسلامیەکانی سودان حەسەن ئەلتورابی لێك نزیك کردبووەوە .

لە ساڵی 1991 حکومەتی ئەلبەشیر قانونەکانی شەریعەتی ئیسلامی خستەوە گەر ، بەڵام ئەمجارەیان بە بێ ئەوەی باشوری سودان بگرێتەوە .

هەر لەو ساڵەدا کە نمێری ئەو قانونانەی سەپاند، شەر لە باشوری سودان دەستی پێکردەوە و سوپای رزگاریخوازی باشوری سودان بە رابەرایەتی جۆن گارانگ دامەزرا . هەڵگیرسانەوەی شەر کۆتایی بە یازدە ساڵی ئاشتی (1972 - 1983 ) هێنا کە لە نێوان حکومەتی نمێری و بزوتنەوەی ئەنانیا لە گۆر رێکەوتنامەی ئەدیسئەبابا لە ساڵی 1972 مۆرکرا . ئەو رێکەوتنامەیە جۆرە فیدیرالیەکی بۆ باشوری سودان دابین کردیوو .

لە ئابی ئەمساڵدا شەری باشوری سودان ، ئەو یازدە ساڵەی لێدەرچێ ، پەنجا ساڵەی خۆی پردەکاتەوە. ئەو شەرە لە تەمەنی دەوڵەتی سەربەخۆی سودان درێژ ترە . لە یەکی کانونی دووەمی / جەنیوەری 1956 سەربەخۆیی سودان لە میسر و بەریتاینا راگەیاندرا . لە گۆر هەندێ ئامار و لێکۆڵینەوە لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا سێ ملیۆن و نیو مرۆڤ بوونەتە قوربانی و نزیکەی چوار ملیۆنیش بێ رێ و شوێن مانەتەوە و یا ئاوارە بوونە .

ئەمە بەرهەمی سیاسەتی دوو جەنەرالی ملهوری سودانیە ، کە یەکەمیان لە ساڵی 1958 پرۆسەی بەعەرەبکردنی دەست پێکرد ، کاتێ کاتێ زمانی عەرەبی بە تەنیا زمانی رەسمی دەوڵەت راگەیاند، دوای ئەویش بە چارەکە سەدەیەك جەنەراڵێکی تر قانونەکانی شەریعەتی ئیسلامی بە زۆر بە سەر خەڵکی ئەو وڵاتدا سەپاند .

هەرچەندە ئەورۆ ئەلبەشیر خۆی بە پیاوی ئاشتی دادەنا و رابەری ئیسلامیە توندرەوەکانی لە زیندان قایمکردووە ، بەڵام تاوان و کەتنەکانی میلیشیاکانی جەنجەوید لە دارفور نیشانەی ئەوەن کە ئەو رژێمە و رابەرەکانی نەگۆراون و زۆریان لە پێشە تا بە کۆتری ئاشتی دابنرێن . ئاشکرایە کە ئەلبەشیر و تورابی دۆستی نزیکی رژیمی سەدام حوسێن بوون لە بەغدا .

پێموایە دەبێ دۆزی گەلی باشوری سودان سەرەنجی سیاسەتمەدار و رۆشنبیر و خوێنەواری کورد بۆ لای خۆی رابکێشێ . لە هەندێ بواردا دۆزی کورد و دۆزی گەلی باشوری سودان وێکدەچن . لە هەردوو باردا لایەنی بەرامبەر حکومەتی عەرەبی شۆڤینی و توندرەو . چ حکومەتی بەعس و چ حکومەتی سودان شەرێکی وێرانکەریان بە سەر کورد و گەلی باشوری سوداندا سەپاندووە . کاولکاری زۆریان کردووە و لە هەردوو حاڵەتدا سەدان هەزار مرۆڤیان لە نێو بردووە . لە هەردوو باریشدا نەوت ( لە باری کوردا هەر لە سەرەتاوە و لە باری باشوری سوداندا لەم ساڵانەی دواییدا ) رۆڵێکی گرنگ لەو کێشەیەدا دەبێنی .

له بوارەکانی تردا ، فاکتەری ئاینی ، پێگەی جوگرافی ستراتیژی ، ئاستی سیاسی و ئابوری و کولتوری ، هەڵوێستی دەوڵەتانی دەورو بەر و ڕێکخراوە و دەوڵەتان و گەلانی مەسیحی ...تاد ، دوو دۆزی جودان .
مەبەستم لەم باسە ئەم فاکتەرانەی دۆزەکە نیە ، بەڵکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەندێ تیشك بخەمە سەر ستراتیژ و شێوازی دان وسانەکان کە ڕابەرانی سوپای ڕزگاریخوازی باشوری سودان گرتیانە بەر و سەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێنا. دەکرێ ئەو شێوازە لە گەڵ ستراتیژی بزاڤی کوردیدا ( ئەگەر شتێکی لەو جۆرە هەبێ ) بەراورد بکرێ و پەنجە بخرێتە سەر ئەو خاڵانەی کە ڕابەرانی ئێمە تێیدا سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە.دەبێ ئەو ڕاستیەش لە یاد نەکەین کە ئەزمونی سەرکەوتو هەمیشە خاوەنی زۆرە و کەسیش پێی خۆش نیە خۆی بکا بە خاوەن ئەزمونێ کە شکستی هێنابێ .

ستراتیژی بزاڤی خەڵکی باشوری سودان بۆ و ت و وێژەکان لە گەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی سودانا لە سەر چەند بنەمایەکی سەرەکی بنیات نراوە.
بە درێژایی دان و سانەکان ، سەرباری هەموو فشارە دەرەکی و نێوخۆییەکان و کاولکاریی سوپای سودان و ئێش و ئازارەکانی خەڵکی هەرێمەکە ، ڕابەرانی سوپای بزاڤی گەلی باشوری سودان دەستیان لەو بنەمایانە هەڵنەگرت و پشت گوێیان نەخست .
هەنگاوێکی گرنگی بزاڤی باشوری سودان لەم بوارەدا هەڵبژاردنی جێگەی وت و وێژەکان بوو. ڕابەرانی ئەو بزاڤە ئامادە نەبوون لە کەش و هەوای ژەهراوی خەرتومدا بە ڕق و کینەی عەرەبی و ئیسلامی لە دژی گەلەکەیان ، وت و وێژ لە گەڵ نوێنەرانی حکومەتی سوداندا بکەن. نوێنەرانی حکومەت ناچاربوون ئەو وت و وێژانە لە گەڵ نوێنەرانی سوپای ڕزگاریخوازی باشوری سوداندا لە دەرەوەی سودان بە ڕێوە بەرن. ڕابەرانی بزاڤی باشوری سودان ئامادە نەبوون تەنانەت مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکانیش لە سودان بێ . بەڵکە پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە دەبێ لە دەرەوەی سودان و بە ئامادەبوون و گەواهی نوێنەرانی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بێ ، نەبا لە دواییدا حکومەتی سودان خۆی لە ئەرك و بەرپرسیارێتی بدزێتەوە .
شوێنی وت و وێژ و دان سانەکان بۆ هەموو پرۆسەیەکی ئاشتیانەی ڕاستەقینە زۆر گرنگە ، نەك تەنها بۆ نوێنەرانی بزاڤە نەیارەکان بەڵکە بۆ نوێنەرانی خودی حکومەتەکانیش ، کە لە فشار و سیاسەتی ڕۆژانەی دەوڵەت و دید و بۆچونە ڕەسمیەکانی وڵاتەکەیان ڕزگاریان دەبێ و لە کەش و هەوایەکی لە باردا لە پرس و کێشەکان بە هێمنی دەکۆڵنەوە .
لە باری کوردا بەغدای ژەهراوی بە هەستی شۆڤێنی عەرەبی ، لەم ڕۆژانەدا ڕق و کینەی توندڕەوانی ئیسلامیشی هاتۆتە پاڵ ، هەمیشە جێگەی وت و وێژی کورد بووە لە گەڵ حکومەتەکانی عیراقدا بە بێ چاودێری لایەنێکی دەرەکی و بێلایەن.
ئامادبوونی نوێنەرانی بیانی و بێلایەن فاکتەرێکی گرنگە بۆ جیدییەتی لایەنەکان و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر قانونی نێودەوڵەتی و بیر ورای جیهانی و ئەو پەیمانانەی مۆری دەکەن . نابێ ئەوە لە یاد بکرێ کە وڵاتانی ئەفریقا قولایەکی ستراتیژن بۆ بزاڤی خەڵکی باشوری سودان ، بە پێچەوانەی باری کوردەوە کە وڵاتانی دەورو بەر دوژمنی باوەکوشتەی کورد و بزاڤەکەین . بۆیە کورد دەتوانێ هەمیشە پێ لە سەر ئەوە دابگرێ کە لە یەکێ لە وڵاتانی ئەوروپا وت و وێژ و دان و سان لە گەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا بکات .
لەم ڕۆژانەدا کە کێشەی هەڵبژاردنەکانی کەرکوك گەیشتە ئاستێکی ئاڵۆز و پێش ئەوەش بە ماوەیەك ڕاگەیاندرا کە عەلاوی و یاوەر دێنە کوردستان ، بەڵام ئەوان وادیارە بۆ وت و وێژ لە سەر پرسەکان ئامادە نەبوون بێن بۆ کوردستان .

ڕێکەوتنامەکانی سودان هێزی قانونی نێودەوڵەتیان هەیە وکاربەدەستانی  خەرتوم ناتوانن بە ئاسانی خۆیان لە جێ بە جێکردنیان بدزنەوە . لە بەرامبەردا  هەرچی گفت و پەیمانێك بە کورد دەدرێ دوای ماوەیەکی کەم دەبێتە مایەی بگرە و بەردە و لێکدانەوەی ناکۆك و دژ بە یەك .

دان و سان لە سەر پرس و کێشەکان لە نێوان لایەنەکاندا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەمەلایەنە و تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە . هەروەها ئەو پرۆسەیە پێویستی بە یارمەتی و راوێژیکاری دەیان و جاری وا هەیە سەدان پسپۆر و شارەزا هەیە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و ئابوری و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و مێژویی ...تاد  بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بە رێوە ببرێن . دەمی وت و وێژی دێوەخان و مەجلیسی خێڵ و رابەری بلیمەت لە هەموو بوارەکاندا بەسەرچوە . ئەوەی لە گۆر داخوازیی و تەکنیکەکانی سەردەم ئەرکەکانی بەرێوە نەبا هەمیشە دۆراوە .

بەرێوەبردنی وت و وێژەکان لە دەرەوەی سودان دەرفەتێکی باشی بۆ رابەرانی بزاڤی گەلی باشوری سودان رەخساند بۆ ئەوەی داخوازییەکانی گەلەکەیان و کاولکاری و زۆرداری حکومەتی سودان بخەنە بەردەم بیر ورای جیهانی . ئەگەر وت و وێژەکان لە خەرتوم بونایە نە دەنگیان بە جیهان دەگەیشت و نە دەیانتوانی  بەو ئازادییە بیر وبۆچونەکانیان بخەنە روو .

ئەوان هەر لە سەرەتاوە دوژمنەکەیان بە باشی دیاری کرد و دەرفەتی ئەوەیان لێسەندەوە فێڵیان لێبکا و خۆی لە پرسە سەرەکیەکان و بەرپرسیارێتی بدزێتەوە. رابەرانی سوپای رزگاریخوازی باشوری سودان ئامادە نەبوون گوێ لە باس و خواسی ( برایەتی و یەکسانیی و یەکێتی خاکی سودان ) بگرن لە لایەن کەسانی وەکو ئەلبەشیر و تورابیەوە .

دان و سانەکانی سودان ئەوەیان خستە روو کە نوێنەرانی گەلی باشوری سودان نەفەس درێژن و بەرگەی هەموو فێڵ و خۆدزینەوەکانی حکومەتی سودانیان گرت. پرسەکان دابەشکران بە سەر دۆسێی جیاوازدا و لە یەك کاتدا لە سەر چەندین ئاست و لە مەر چەندین کێشە وت و وێژ دەکرا . پرسی دابەشکردنی دەسەڵات وداهات ، بەشداری لە بەرێوەبردنی وڵات و ژمارەی کاربەدەست ، پرسی ئاو و ئاوەدانکردنەوە و .....تاد ، هەندێ لە دۆسێ سەرەکیەکانی دان و سانەکان بوون . سەرباری هەموو پیلان و هەوڵەکانی دەست و دایەرەی ئەلبەشیر و تورابی بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێو ریزەکانی بزاڤەکەدا ، توانیان یەکریزی هێز و دیبلۆماسیان بپارێزن و پیلانەکانی دوژمنەکەیان پوچەڵ بکەنەوە.

سوپای رزگاریخوازی باشوری سودان ئامادە نەبوو تاوەکو حکومەت دان نەنێ بە مافی بریاردانی چارەنوسی گەلی باشوری سوداندا ، دان و سانی لە گەڵدا بکا و رێکەوتنامەی لە گەڵدا مۆر بکا . هەروەها تا دوا پرس چارەسەر نەکرا ئامادە نەبوو رێکەوتنامەکان ئیمزا بکا سەرباری هەموو فشارەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی و یەکێتی ئەفریقا .

لە گۆر رێکەوتنامەی ئاشتی سودان لە سەرەتای تەمموزی 2005 گەلی باشوری سودان خۆبەرێوەبردنێکی فراوانی دەبێ لەو هەرێمە ، دوای شەش ساڵیش لە راپرسییەکی گشتیدا بریاری خۆی دەدا بۆ سەربەخۆیی یا مانەوە لە چوارچێوەی سودانێکی فیدیرالی یا کۆنفیدیرالیدا . سوپای رزگاریخوازی باشوری سودان بەرامبەر بەوە قایل بوو بە پەیرەوکردنی قانونەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە باکوری سودان . حکومەتی سودان ئامادەیە بۆ سیستەمی فیدیرالی ئەگەر خەڵکی باشوری سودان بەوە قایل بێ . رەنگبێ بۆ وڵاتێکی وەکو سودان ، کە رووبەرەکەی دوو ملیۆن و نیو کلم2 و لە بیست و شەش ویلایەت پێکهاتوە ، ئەو سیستەمە باشترین شێوازی بەرێوەبەرایەتی بێ. بەڵام رابەرانی بزاڤی باشوری سودان ئەو مافەیان بە خۆیان نەدا بە بێ گەرانەوە بۆ گەلەکەیان بریار لە سەر پرسێکی وا چارەنوسساز بدەن. پێموایە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە بە سەربەخۆیی باشوری سودان کۆتایی دێت .

نوێنەرانی باشوری سودان بە راشکاوەیی و بێ پێچ و پەنا پێیان داگرت لە سەر بەشی خۆیان لە داهاتی نەوتدا کە لە دەڤەرەکەی ئەوان دەردەکرێ ( ریزێرڤی نەوتی سودان635 ملیۆن بۆشکەیە و ئێستا 320 هەزار بۆشکەی لێ وەبەرهەم دەهێنرێ ). لە کۆتاییدا بە نیوەی داهاتی ئەو نەوتە قایل بوون. مافی رەوای خەڵکی باشوری سودانە ، کە

پەنجا ساڵە وڵاتەکەیان بە دەستی سوپای خەرتوم کاول و وێران دەکرێ ، داهاتی دەڤەرەکەیان بۆ ئاوەدانکردنەوە تەرخان بکەن و ژیانێکی مرۆڤانە بۆ نەوەکانی داهاتویان دابین بکەن .
بە گشتی هەڵوێستی بزاڤی باشوری سودان بە بەرامبەر بە سامانی نەوت زۆر ئازایانە بوو . هەر لە سەرەتاوە رابەرانی ئەو بزاڤە بریاریاندا ئەگەر ئەو نەوتە بۆ گەلی ئەوان خێر و بێری نەبێ ئەوا نایەڵن حکومەتی سودان کەڵکی لێوەربگرێ و داهاتەکانی بۆ شەر و کاولکاری بە کاری بێنێ . ئەم هەڵوێستە دروستە حکومەتی بێبەش کرد لە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات . گوێیان بەوە نەدا نەبا دەوڵەتانی زلهێز و کۆمپانیا چاوچنۆکەکان ببنە دوژمنیان . ئەوان باش ئەوەیان لێکدایەوە کە کاتێ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەت و کۆمپانیانە لە گەڵ حکومەتی سودانا پارێزراو بێ هیچ گوێ بە مەینەتی و کارەساتی گەلی باشوری بندەست نادەن.
لای ئێمە بە پێچەوانەوە بێدەسەلاتیمان لەم بوارەدا ، وەکو زۆر بواری تر ، دەکرێ بە خاڵی گەش لە مێژووی پر لە قوربانیدان و سەروەریماندا ! . کیمیاباران و ئەنفال و سەدان کارەساتی تر هەستی دەوڵەتان و کۆمپانیاکانی نەوتی ئەوەندەی سەرە دەرزیەك نەبزواند و قەت بیریان لەوە نەکردەوە کە کورد چەکی نەوتی لە شەری مانی و نەمانیدا بەکار نەهێناوە . رەنگبێ ئەگەر بزاڤی کورد بیتوانبیایە حکومەتی عیراقی لەم سەرچاوەیە بێبەش بکات ، نە کیمیابارانی هەڵەبجە و نە ئەنفال و کۆرەو و نە دەیان کارەساتی تر روویان بدایە .
تۆ بڵێی رابەرانی کورد لە کوردستانی عیراق بۆ ململانێی دوای هەڵبژاردنەکان و بزاڤی کورد لە بەشەکانی تری کوردستانیش ئەم ئەزمونە بە وردی بخوێننەوە و کەڵك لە ئەنجامەکانی وەربگرن ؟